# زانیاری لە سەر ناوەندی خزمەتگووزاری نەخۆشیەکانی دەروونی و فێرکردن و بارهێنان

## خزمەتگووزاری ناوەندی نەخۆشیەکانی دەروونی و فێرکردن و بارهێنان (PPT)

ناوەندی خزمەتگووزاری نەخۆشیەکانی دەروونی و فێرکردن و بارهێنان (کورتکراوەی PPT یان ناوەندی-PP) خزمەتگووزرێکی ڕاوێژکاری شارەوانی یان هەرێمە. ئەم ناوەندە یارمەتی منال، مێرمنال و بە سالاچووان ئەدات کە لە بەرە پێش چووندا مووشکیلەیان هەیە، یان لە بارودۆخێکی سەختی فێربوون و بارهێنان دان.

ناوەندی PP، بۆ وێنە ڕێنموونی ئەدات بە قووتابخانەکان و باخچەی منالان بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەو منالانە/قووتابیانەی کە پێویستیان هەبێ.

ناوەندی PP، یارمەتی قووتابخانەکان ئەدات بە مەبەستی ئاسانکاری لە مەڕ فێرکردنی ئەو منالانەی کە پێویستی تایبەتیان هەیە.

ناوەندی PP، ئەرکی بێدەنگی هەیە. زانیاری سەبارەت بە منال/قووتابی بلاو ناکرێتەوە، و بەر لەوە کە دایکـوباوک ئیزنیان نەداوە ئەم زانیارییە نانێردرێتە شوێنێکیتر. زانیاری لە سەر منال/قووتابی لە دۆسیەیەکی تایبەت بە خۆیدا بە پێی یاساکانی لێژنەی پارێزگاری لە زانیاری، ئاگاداری لێدەکرێ.

### ناوەندی PP، کاری چیە؟

ناوەندی PP، لێکۆلینەوە ئەکات و پێشنیار و ڕێنموونی ئەدات بە منال، مێرمنال و بەسالاچووان کە مووشکیلەیان هەیە سەبارەت بە

- زمان- و قسەکردن
- بەگشتی مووشکیلەی فێربوون یان بارهێنان
- نووسین- و خوێندنەوە
- وانەی ماتەماتیک
- هۆش گورج کردنەوە
- کاروباری کۆمەلایەتی و هەست
- هەلسوکەوت
- بینین- و بیستن

### ئێوە وەک دایکوباوک چۆن دەتوانن پێوەندی بە ناوەندی PP ـەوە بگرن؟

بەر لەوە پێوەندی بە ناوەندی PP بگرن، ئەبێ لە گەل ئێستگەی لەشساغی/باغچەی منالان/قووتابخانە سەبارەت بە هۆی نیگەرانێک بۆ منال قسە بکەن. قووتابیانی تەمەن ١٥ بۆ سەرەوەش دەتوانن ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ناوەندی PP ـەوە بگرن. ناوەندی PP دەتوانێ هەروەتر یارمەتی ئەو بە سالاچووانە بدات کە بە تەمای خوێندنی سەرەتایین.

هەم تاکەکەس و هەم شوێنە گشتیەکان (باغچەی منالان، قووتابخانە و هتـــد) دەتوانن بە شێوەی نهێنی پێوەندی بگرن و داوای ڕاوێژکاری لە گەل ناوەندی PP بکەن. پێوەندی گرتن لە گەل ناوەندی PP وەک ئاسایی لە پێویستی بە فۆرمێکی تایبەت بە پێوەندی هەیە، بڕواننە مالپەڕی تایبەت بە شارەوانی یان پارێزگاکەتان. بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن بۆ نووسین و پڕکردنەوەی فۆڕمەکە پێوەندی بە باغچەی منالان/قووتابخانەوە بگرن.

لایەنەکانیتر کە دەتوانن پێوەندی بە ناوەندی PP ـەوە بگرن:

- باغچەی منالان، قووتابخانەکان و ناوەندی خوێندنی گەورەسالان.

- ناوەندەکانی لەش‌ساغی و نەخۆشخانەکان دەتوانن پاش ئیزن وەرگرتن لە دایک‌وباوک ئەگەر تەمەنی منداڵ/قووتابییەکە لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ.

قووتابی یا دایک‌وباوک دەتوانن داوا بکەن کە قووتابخانە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێویستن ئەنجامی بدات تاکوو دەرکەوێت ئاخۆ قووتابێکە پێویستی بە فێرکردن و بارهێنانی تایبەت هەیە، و بە پێی پێویست نیازی بە چ فێربوونێک هەیە.

## شێوازی کارکردنی ناوەندی PP چۆنە؟

ناوەندی PP، بۆ وێنە لە گەڵ باغچەی منداڵان و قووتابخانەکان هاوکاری ئەکات بە مەبەستی هاسان کاری ئەو پێشنیارانەی کە دروان بۆ دابین کردنی نیازەکان و پێداویستیەکانی منداڵ/قووتابی. چۆنیەتی کاروباری ناوەندی PP دەکرێ بە سێ بەش دابەش بکرێ:

1. *لێکۆڵینەوە*

کاتێک ناوەندی PP ڕاگەیاندراوێک/پەیامێکی بە دەست گەیشت، ئاساییە کە گوێ بدرێ بە دایک‌وباوک، بە هاوکاری باغچەی منداڵان و قووتابخانە بەتەمای چ یارمەتێکن. ناوەندی PP لە ڕێگای گفتگۆ/وتووێژ کردن، چاوەدێری و ئەزموون وەرگرتن تا ڕادەیەکی بەرچاو زانیاری سەبارەت بە بارودۆخەکە و نیازەکانی منداڵ/قووتابی وەدەست ئەخات. لێکۆڵینەوەکان لە باغچەی منداڵان، قووتابخانە یان ئیستگەی ناوەندی PP-ەوە بەرێوە دەچێ.

2. ***هەڵسەنگاندن/لێکۆڵینەوەی پسپۆڕ***

بە پێی لێکۆڵینەوەکان ناوەندی PP، لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانە (ڕاپۆرتێک بە نووسین) ئەنجام ئەدات و بە پێی پێویست هاسان کاری بۆ باغچەی منداڵان یان بارودۆخی فێرکردن و بارهێنانی بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی منداڵ/قووتابی ئەکات. ناوەندی PP ڕاوێژکاری پسپۆڕی پێشکێش ئەکات. زۆربەی لایەنە ئاساییەکان بریتین لە لێکۆڵینەوەی تایبەت لە مەڕ یارمەتی فێرکردن و بارهێنانی منداڵە لە تەمەنی چوونەوە بۆ قووتابخانە و فێرکردن و بارهێنانی تایبەت بۆ قووتابییەکان.

3. ***بەدوادا چوونەوە***

ناوەندی PP، دەتوانێ خزمەتگووزاری بەدوادا چوونەوە پێشکێش بکات بە شێوەی ڕاوێژ/ڕێنموونی بە دایک‌وباوک، کارگێرانی باغچەی منداڵان و مامۆستاکانی قووتابخانە. ناوەندی PP دەتوانی گفتگۆی پشتیوانی لە گەڵ هەر تاکە قووتابێک ئەنجام بدات، و پاشان دەتوانن بۆ داهاتوو لێکۆڵینەوەیەک بکەن.

بنچینەی کاروباری ناوەندی PP لە **یاساکانی فێرکردن و بارهێنان‌دا دیاری کراوە، بۆ وێنە ئەم خاڵانە:**

- *§ ٥ – ١ مافی فێرکردن و بارهێنانی تایبەت*
- *§ ٥ – ٣ لێکۆڵینەوەی پسپۆڕ*
- *§ ٥ – ٤ لێکۆڵینەوەی پەروەندە لە مەڕ بڕیاری فێرکردن و بارهێنان*
- *§ ٥ – ٦ خزمەتگووزاری نەخۆشیەکانی دەروونی و فێرکردن و بارهێنان*
- *§ ٥ – ٧ یارمەتی فێرکردن و بارهێنانی تایبەت بەر لە تەمەنی قووتابخانە*